# نامەیەك بۆ مامۆستایانی كوردوستان

هیدایەت مەلا عەلی

مامۆستایانی بەڕێز ئەم كاتەتان شاد و سلاو ڕێزم هەیە بۆتان بەخۆشحاڵیەوە ئەو هەواڵەم بیست كە بڕی " 125"هەزار دینار وەك دەرماڵەی پیشەی بۆ مامۆستایانی بەڕێز زیاد كراوە , سەرەڕای ئەوە ئەم بڕە پارەیە شتێكی زۆر عەجیب و غەریب نیە بۆ ئاڵوگۆڕ پێكردنی ژیانی ڕۆژانەی مامۆستایان و خێزانەكانیان , بەڵام من بۆ خۆم وابیر دەكەمەوە كە ئەگەر ئەم بڕە پارەیە بتوانێت ڕۆژانەی مناڵەكانتان دابین بكات , یان سفرەی ماڵەكانتان بۆ دوو ژەم خواردن گەرم و گوڕتر بكات مایەی دڵخۆشیە .

مامۆستایانی خۆشەوویست ئەوەی من ئەمەوێت لەم نامەیەدا بە ئێوەی بەڕێزی بڵێم ئەوەیە كە ئەم دەسكەووتە بەری ڕەنج وخەبات و ناڕەزایەتیەكانی خۆتانە, نەك خێرو سەدەقەی هیچ كەسێك , ئەوە ئێوە خۆتان بوون بۆ بەرگری كردن لە ژیان و گوزەرانی خۆتان و , بردنە پێشەوەی ئاستی زانست و فێربوون , هەموو پێكەوە ووتان " نا "بۆ ئەم ژیانە و ئەم سیستەمە دوواكەوتوەی پەروەردەو فێركردنە , ئەم ئەزموونەی ئێوە نیشانیدا بەدەست هێنانی هەر دەسكەووتێك بەندە بە ڕادەی ئامادەبوون و ناڕازایەتی كردن بە شێوەیەكی ڕێكخراو بەبەرنامەوە .

ئەم هەنگاوەی ئێوە سەرەتایە بۆ هەنگاوێكی گەورەتر , بڕی " 125" هەزار دینار ناتووانێت وەڵام بداتەوە بە ژیانی ئێوەو , ناتووانێت پەروەردە و فێركردن بۆپێشەوە بەرێت , ئەگەر بیرتان بێت ڕۆژگارێك كە مامۆستایان بەژیانی خۆیان قایل بوون و دەسەڵاتداران " سەری بەرزمان بۆ مووچە نەوی ناكەین " یان بەسەر مامۆستایاندا فەرز كرد هەر ئەو كاتانەی مووچەی مانگانەی مامۆستایانیان لە مانگێكەوە , درێژ كردەوە بۆ " 70 "ڕۆژ ئەم دەسەڵاتدارانە دیناری ئاسنیان تێكەڵ بە مووچە دەكرد لە كاتێكدا ئەو دینارە ئاسنە لە بازاڕدا كڕین و فرۆشتنی پێوە نەدەكرا .

مامۆستایانی كوردوستان كێشەی نیشتەجێبوون , دایەنگای مناڵەكانتان , مووچەی شایستە بە كار و ماندوبوونتان , سیستەمێكی پێشكەوتووی خوێندن , دەستڕا گەشتنتان بە زانست و پەروەردەكردنی هاوچەرخ , خوێندنگا و سەدان جۆر لە هۆكانی فێركردن و تاقیگای تازە , ئەمانە كۆمەڵێك داواكاری و هۆكارن بۆ باشتربوونی ژیان و ئەرك و خزمەتێك كە مامۆستایان پێشكەشی خوێندكاران و كۆمەڵگای دەكەن , بۆیە گرنگە مامۆستایان بۆ بەدەست هێنانی ئەم خواستانە پشت سارد نەكەنەوە و ئامادەیەك لە خۆتان نیشانتاندا بۆ بەرگری كردن لە ژیان و خوێندن بەردەوام بێت , زۆر گرنگە مامۆستایان و فەرمانبەران خۆیان لەو دووبەرەكیە بپارێزن بە ناوی ئەوەی ئەم بڕیارە بۆ مامۆستایەو بۆ فەرمانبەرانی پەروەردە نیە , هەقی فەرمانبەرانی پەروەردە لای مامۆستایان نیە وەك ئەوەی هەقی مامۆستایان لای فەرمانبەرانی پەروەردە نیە, هەقی مامۆستایان و فەرمانبەرانی پەروەردە لای دەسەڵاتەو دەبێت ئەوان وەڵام بدەنەوە و ژیانی مامۆستایان و تەواوی فەرمانبەران و خەڵكی كوردوستان دابین بكەن , زۆر گرنگە مامۆستایان پشتیوانی لە خواستی فەرمانبەرانی پەروەردە بكەن و نەیەڵن ڕێزەكانیان كەلێنی تێبكەوێت زۆر گرنگە مامۆستایان كارەكانیان هاوئاهەنگ بكەن لەگەڵ دەستەو كۆمەڵ و لیژنەكانی داكۆكی كردن لە خەڵك , چونكە سەراسەری و تێكەڵ كردنی خواستەكانی مامۆستایان و فەرمانبەران و خەڵك دەتوانێت سەركەووتن و دابین كردنی ژیانێكی ئینسانی بۆ خەڵكی كوردوستان مسۆگەر بكات , زۆر گرنگ وحەیاتیە مامۆستایان ڕێكخراوی سەربەخۆی خۆیان پێكبهێنن و لە دەوری ڕابەرانی واقیعی و دڵسۆزی خۆیان كۆببنەوە .

مامۆستایان دووبارە خۆشحاڵی خۆمتان ئاڕاستە دەكەم

hidayat_malaali@yahoo.com